باراک بۆ بارزانی: ئەمریکا هەمیشە وەک هاوپەیمان و دۆست سەیری هەرێمی کوردستان دەکات



نوێنەری سەرکی ئەمریکا لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت، بۆ وڵاتەکەی، هەرێمی کوردستان و عێراق پێگەیەکی گرنگی ناوچەکەن و ئەوان هاوکار دەبن کە لەم دۆخە ئاڵۆزەی ئێستای ناوچەکە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی عێراق چارەسەر بکرێن و دەشڵێت، "ئەمریکا هەمیشە وەک هاوپەیمان و دۆست سەیری هەرێمی کوردستان دەکات".

بەگوتەرەی راگەیەندراوێکی بارەگای بارزانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لە نێوان مەسعود بارزانی و تۆم باراك نوێنەری سەرۆك تەرەمپ بۆ کاروباری سوریا و باڵیۆزی ئەمریکا لەتورکیا ئەنجامدرا.

لەو پەیوەندیەی تەلەفۆنیەدا تۆم باراك سڵاو و ڕێزی سەرۆك تەرەمپی بەمەسعود بارزانی گەیاند و سوپاسی ڕۆڵی بارزانی کرد کە هەمیشە بەسەرکردایەتییەکی حەکیمانەی ئیدارەی سیاسەت و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەی کردوەو ڕایگەیاند، "ئەمریکا هەمیشە وەک هاوپەیمان و دۆست سەیری هەرێمی کوردستان دەکات و بەردەوام دەبن لەسەر هەماهەنگیان لەگەڵ

هەڕەمی کوردستان".

نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا جەختیکردەوە کە بۆ ئەمریکا، هەڕەمی کوردستان و عێراق پێگەیەکی گرنگی ناوچەکەن و ئەوان هاوکار دەبن کە لەم دۆخە ئاڵۆزەی ئێستای ناوچەکە کۆشەکانی نێوان حکومەتی هەڕەمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق چارەسەر بکرێن بە جۆرێك کە لە بەرژەوەندی هەردولابێت لەو هەموو بوارەکاندا.

لەلای خۆیەوە، مەسعود بارزانی سوپاسی سەرۆك تەرەمپی کرد و ڕێز و پێزانینی خۆی بۆی دەربڕی و سوپاسی تەم باراکی کرد بۆ ڕۆڵە کاریگەرەکەی و وتی، "هەڕەمی کوردستان هەمیشە خوازیاری سەقامگیری و ئارامییە بۆ تەواوی ناوچەکە و گەلی کوردستان هەمیشە باوەڕی بە دیموکراسیەت و پێکەوەژیان و گفتوگۆ هەیە و "ئەمە هەمیشە بەشێك بوین لە چارەسەر و هەرگیز بەشێك نەبون و نابین لە هیچ کێشە و ئاڵۆزییەك".

لەپاشخانی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەدا، مەسعود بارزانی ئاماژەی بەو هێرش و پەلامارە نالەواینانەدا کە لەلایەن هەندێك هێزی بەدەر لە یاسا دەکرێنە هەڕەمی کوردستان و هەردولا هاوڕابون کە پێویستە هەڕەمی کوردستان و عێراق بەدوربگیرێن لەم شەڕە و پارێزراو بن.